


# باخچەیەکی زیرەکی دیجیتاڵی لە ماڵەوە

شارنشینی لە هەموو شوێنێکی جیهان تەنانەت لەو هەرێمەی ئێمەش بە جۆرێك بەرتەسك بۆتەوە، کە ئیمکانی دانانی باخچە و شوێنی سەوز لە ماڵەکاندا نەماوە، چونکە هەر لە راستیدا لە خانوویەکی سەد مەتریدا هیچ شوێنێك بۆ سەوزایی نامێنێتەوە.. گەرچی نەکراوە و نە بۆتە باو سەربان وەك حەوشە و شوێنی سەوزایی سوودی لێوەربگیرێت.. جیهانی تەکنەلۆژیای سەردەم چارەیەکی بۆ ئەمە دۆزیوەتەوە، ئەویش ئامێری (click&Grow) بەهۆی ئەو ئامێرەوە دەتوانی شەتڵ یا بنەتۆوی هەر گیایەك لەو شوێنانە دابنێ کە لە ئامێرەکەدا بۆ ئەم مەبەستە داندران و دواتریش شوێنی ئاوەکان پڕ ئاو بکەن.. ئامێرەکە بە شێوەی ئۆتۆماتیکی روناکی و مادەی خۆراکی تایبەت بە گیایەکە دابین دەکات، ئەو خۆڵەی بۆ ئەم مەبەستە لەو ئامێرەدا داندراوە خولێکی تایبەتە و پڕە لە مادەی خۆراکی بۆ گیا و هیچ مێروویەکی زیانبەخشیش ناتوانێ لێی نزیك بێتەوە.




# رووناکی و دەنگ و هەوا

سەردەمی ئێستا سەردمی ئامێرە هەمەکارەکانە، واتە ئامێرێك لە یەك کاتدا چەندین ئەرکت بۆ ئەنجام بدات و شوێنی چەند ئامێرێکی دیکە بگرێتەوە.. ئامێری (AirSense) وەك کەلوپەلێکی دیکۆر و جوانکاری دەچێت، بەڵام لە راستیدا چەندین ئەرك ئەنجام دەدات، لە چۆنییەتی زانینی هەوای ژوورەوە هەستەوەرەکانی ئەم ئامێرە دەتوانن جۆری گازەکانی زیانبەخش لە هەوادا بناسن بۆ ئەوانەی کە نەخۆشی وەك رەبۆ و پشووسواریان هەیە گرنگی تایبەتی هەیە، پێوانی گەرما و رادەی شێ یەکێکی دیکە لە ئەرکەکانی ئەو ئامێرە..

سپیکەرێکی هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی گۆرانی و مۆسیقا، لەوەش گرنگتر چەندین گلۆپی تێدایە کە بە سوود وەرگرتن لە ئاپێکی مۆبایلەوە دەتوانی رەنگەکان بگۆڕی و سەما بە رەنگەکان بکەی..






# تەبلێت کاغەزی
# ئەزموونێکی نوێ لە خوێندنەوە

ئەمڕۆکە دونیا دونیای کۆمپیوتەرە، زۆربەی ئەرك و کارەکان بە کۆمپیوتەر دەسپێردرێن و کەم کەس هەیە بۆ نووسینی تەنانەت یادداشتێکی ڕۆژانە پشت بە قەڵەم و کاغەز ببەستێ، هەرچەندە کاغەز لە فێرکردن و فێرکاریدا لە دێرینەوە هەتا ئەمڕۆ گرنگی تایبەتی هەبووە، ئەو نەوەیەی کە خووی بە نووسین لەسەر کاغەز گرتووە ڕەنگە هێشتاش هەر چێژ لە کاغەز وەربگرێ هەتا کۆمپیوتەر! هەربۆیە داهێنەرانی تەکنەلۆژیای نوێ جۆرە تەبلێتێکیان بەرهەم هێناوە کە تەواو وەك کاغەز دەچێت..

تەبلێتی جۆری remarkable دیزاین و ستایلەکەی وەك کاغەز دەچێت، هەرچەندە پێشووتریش ئامێری لەم شێوەیە هەبووە، بەڵام ئەو تەبلێتە جیاوازی لەگەڵ ئەوانی پێشووتر لەوەدایە کە جگە لەوەی وەك کتێبخوێنێکی ئەلکترونی (کیندڵ).. بۆ یادداشت هەڵگرتنەوە، نووسینی بابەت و وتار و نیگارکێشانەوە و..تاد گونجاوە.

شاشەی تەبلێتی ناوبراو لە جام یا شووشە دروست نەکراوە، هەربۆیە هیچ تیشکدانەوەیەك و زیانبەخشین بە چاوی بەکارهێنەر لەو تەبلێتەدا هەست پێناکرێ.. تەبلێتەکە ١٠،٥ ئینجە، پێنووسێکی تایبەت بەخۆی لەگەڵدایە بەهۆیەوە دەکرێت زۆربەی ئەرکەکان ئەنجام بدەی. تەبلێتەکە پشتیوانی لە فۆرماتەکانی تایبەت بە خوێندنەوە وەك PDF و EPUB دەکات.





# گۆڕانێکی نوێ
# لە جیهانی مۆتۆرسکلێتدا

لەم یەك دوو ساڵەی رابردوودا بەراست جیهانی مۆتۆرسکلێت گۆڕانکاری گەورەی بەسەرداهاتووە، هەم لە ستایل و دیزاین و هەم لە شێوازی کارکردن و وزەی وەگەڕخەر.... لە نوێترین هەوڵدانیش لەم بوارەدا کۆمپانیایەکی نەمساوی ماتۆرسکلێتی ئەلکترۆنی جۆری johammer j١ی بەرهەم هێناوە کە بەیەکجار شەحن کردنەوە توانای هەیە ٣٠٠ کیلۆمەتر بڕوات، خێراییەکەشی ١٢٠ کیلۆمەترە..

خاڵی جێگای سەرنج لەو ماتۆڕەدا ئەوەیە کە ئەو کاتەی کە لەماڵەوە پارکت کردووە دەتوانی سوودی لێوەربگری چونکە دەتوانێت لە ڕێگای وزەی خۆرەوە وەزەی کارەبا بۆ ماڵێك دابین بکات واتە دەکرێت وەك ماتۆڕێکی دابینکردنی وزەی کارەبا سوودی لێوەربگیرێت لە بواری دیزاین و ستایلیشەوە هەر لە وێنەکە را دیارە سەرنج راکێشە...



# بڵندگۆیەک بە مۆمێک کار دەکات

لە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا زۆرجاران شتی سەرنج ڕاکێش و ناوازە بەرهەم دێن، بۆ نموونە سپیکەری جۆری Pelty کە سپیکەرێکی بلوتوسیە وزەی خۆی تەنیا لە مۆمێك وەردەگرێت..

سپیکەرەکە ستایلێکی تا بڵێی سەرنج ڕاکێشی هەیە، لەلایەك مۆمدانە و دیکۆرێکی جوانی هەیە لەلایەك سپیکەرە و دەنگێکی باش.. سپیکەرەکە دینەمۆیەکی جۆری تێرمۆ- ئەلکترۆنی تێدایە کە گەرمایی دەکات بە وزە و پێویستی بە باتری و کێبڵ نییە. چوارچێوە و پێکهاتەکەشی لە جۆری سیرامیك و دار و شوشەیە.

دوای ئەوەی کە مۆمەکەت پێکرد دەست دەکات بەکارکردن. ئەو داهێنانە ناوازەیە سەرەتای داهێنانەکە بۆ ئامێرەکانی دیکەش ڕەنگە لە داهاتوویەکی نزیکدا ببینین مۆبایل و ئامێرە دیجیتاڵییەکانی دیکەش بە مۆمێك شەحن ببنەوە...

# پرۆگرامێک مۆبایل دەکاتە ماوسی کۆمپیوتەر

زۆر جار هەیە لەکاتی کارکردن بە کۆمپیوتەردا ماوس یان کیبۆردەکەت تێکدەچێت، یان جار هەیە بۆخۆت هەندێك لە کۆمپیوتەرەکەت دوور کەوتوویەتەوە و گوێت لە گۆرانییەك ڕاگرتووە یان سەیری فیلمێك دەکەی نیازت هەیە دەنگی زیاد و کەم یا فیلمەکە بەرەو پێشەوە و دواوە بەری.. ئەگەر مۆبایل ئەو ئەرکە ئەنجام بدات ئاسانکارییەکی زۆرە.. بەڵام لە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا شتی مەحاڵ نییە، بەڵێ موبایلەکەت لە ڕێگای پرۆگرامی WiFi Mouse And keyboard بە ئاسانی دەبێتە کیبۆرد یا ماوسی کۆمپیوتەر.. بۆ ئەوەی کە سوود لە پرۆگرامەکە وەربگری دەبێت لەسەرەتادا ئاپەکە دابەزێنە سەر مۆبایل و پاشان پرۆگرامێکی زۆر بچووك تایبەت بەو ئەپلکەیشنە لەسەر کۆمپیوتەر دابەزینی، دواتر لە ڕێگای وای-فایەوە هەرکاتێك مۆبایل و کۆمپیوتەرەکە پێکەوە پەیوەند دران بەئاسانی دەتوانی سوود لە پرۆگرامەکە وەربگری لە ماوسەکەدا هەروەك ماوسێکی ئاسایی ڕاست و چەپ کلیکی تێدایە، بەشی کیبۆردیش کیبۆردی مۆبایلەکە دەکاتەوە و لەو ڕێگایەوە دەتوانی بۆ کورتەپەیامێك سوودی لێوەربگری..





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێك دەپرسێت ئایا چۆن دەکرێت ئەو زانیارییانەی تایبەتن بە گرتنی وێنەیەکی دیجیتاڵی لەسەر وێنەکە لابەرم بۆ ئەوەی کە کەسانی دیکە نەزانن چ کاتێك و لە چ شوێنێك وێنەکەم گرتووە؟**

خوێنەری بەڕێز ئەو زانیاریانە کە پێیان دەگوترێت EXIF وەك کات و ڕێکەوتی گرتنی وێنە، شوێنی جوگرافیایی، جۆری کامێرا...تاد.. گرنگی خۆیان هەیە، بەڵام جار هەیە حەز ناکەی کەس بەو زانیاریانە بزانێ، بۆ سڕینەوەی زانیارییەکان لەسەرەتادا لەسەر وێنەکە کلیك ڕاست بکە و فەرمانی Properties هەڵبژێرە، پاشان فەرمانی Details هەڵبژێرە و لە دواییدا لە کۆتایی لاپەڕەکە لەسەر لینکی Remove Properties and Personal Information کلیك بکە پاشان فەرمانی Create a copy with all possible properties لێبدە و تەواو...



# تەبلێتێکی تایبەت بە چێشتخانە

تەکنەلۆژیا هەموو شوێنێکی گرتۆتەوە، کاتێك کە بەفرگر شاشەی هەبێت و بتوانی ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت لەسەر شاشەی سەلاجە بکەیەوە، هیچ سەیر نییە کە تەبلێتێکی تایبەتیش بە ژووری چێشتلێنان هەبێت.. جیاوازی تەبلێتەکە لەگەڵ ئەوانی تر ئەوەیە کە سایزەکەی دەبێ گەورە بێت و چونکە چێشتلێنەر بە چێشلێنانەوە خەریکە دەبێت فەرمانەکان بە دەنگ بن.. بۆ نموونە تەبلێتی جۆری TCL Xess کە باشترین تەبلێتی تایبەت بە چێشتخانەیە..

تەبلێتی ناوبراو پرۆسیسەرێکی بەهێزی هەیە و رامەکەی ٣ گیگابایتە.. بۆیە زۆر بە خێرایی فەرمانەکان ئەنجام دەدات.. کامێراکەی ٥ میگاپیکسلە. میمۆری ناوخۆی ٣٢ گیگابایتە و سپیکەرەکانی توانای ٣ واتیان هەیە. شاشەکەی ١٧,٣ ئینج و فول ئیچ دییە.



## سایتێک بۆ لینکی دانلۆدی هەموو فایلێک

حەز دەکەی فیلمێك دابەزێنی، یان نیازت هەیە فایلێکی تایبەت وەك کتێب یان داتایەکی گەورە دابەزینی.. یان دەتهەوێ گۆرانییەك دابەزینی کەچی لە سایتەکەدا لینکی دابەزاندن نییە.. بۆ ئەم مەبەستە پرۆگرامی تایبەت بە دابەزاندن گەلێك هەن بەڵام گەر نیازت هەبێ بەبێ پرۆگرام ئەو کارە ئەنجام بدەی سەر لە سایتی http://www.filechef.com/ بدە لەو سایتەدا ناوی ئەو فایلەی مەبەستە بە تەواوی بنووسە، بەڵام زۆر دوورودرێژ نەبێت، تەنیا زنجیرەی فیلم نەبێت ئەوکات دەبێ ژمارە و بەشەکەشی بنووسی.. بۆ نموونە گەر زنجیرە درامایەك ٣ بەشی سەد ژمارەیی بوو دەبێ ناوی بەش و ژمارەکەش بنووسی.. ئەوکات راستەوخۆ سایتەکەت دەچێتەوە سەر گوگل سێرچ و لەودا لینکی دابەزاندنەکەت دەداتێ و بەبێ گرفت دایبەزێنە..